منداڵان پێویستیان بە کتێبخانەیەکی تایبەت هەیە

فۆتۆ: ئارام

وێنەی بەشی منداڵان لە یەکێک لە هۆڵەکانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، یەکێکە لە بەشە چالاکەکانی کتێبخانەکە و ڕۆژانە دەیان منداڵی شاری سلێمانی ڕووی تێ دەکەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەم بەشە وەک پێویست پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکراوە و وەک لێپرسراوی بەشەکەیش ئاماژەی بۆ دەکات، شوێنەکەیان زۆر بچووکە و وەک پێویست ناتوانن هەموو چالاکییەکی تێدا ئەنجام بدەن، چونکە ئەو بەشە پەرە بە توانا هونەری و دەروونییەکانی منداڵان دەدات و خولی بەهێزکردنی دەروونییان بۆ دەکاتەوە و ئەمەیش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر ئەو منداڵانەی کە بەشداریی لەو خولانەدا دەکەن.

دوو شێواز بۆ ئاشناکردنی کتێب بە منداڵان

سەرەتا لێپرسراوی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، مامۆستا (گوڵستان سەعید) ئەوەی خستە ڕوو: ”لە بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، بە دوو شێواز منداڵ بە کتێب ئاشنا دەکەین، کە یەکەمیان لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانییەوەیە کە لە کاتی خوێندندا، ڕۆژانە چەند پۆلێک قوتابی دەهێنرێن بۆ کتێبخانەکەمان بۆ ئەوەی بە کتێب ئاشنابن، بە تایبەتیش کتێبەکانی بەشی منداڵان. لێرەیش وانەیەک بە قوتابی دەگوترێتەوە لەسەر شێوازی وەرگرتنی کتێب لە کتێبخانەدا و چۆنیەتیی پاراستن و سوودلێوەرگرتنی. شێوازی دووەم، وەرگرتنی منداڵانە لە وەرزی هاویندا و کردنەوەی خولی تایبەتییە بۆیان، وەک خولی دەروونزانیو تیۆرەکانی مووزیک و شێوەکاری و نووسینی چیرۆک و شیعر“.

بەچوار زمانی سەرەکی، (٨) هەزار کتێب هەیە

لە بارەی ژمارەی ئەو کتێبانەی لە بەشەکەیاندا هەیە، لێپرسراوی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی گوتی: ” بەچوار زمانی سەرەکی (کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی) نزیکەی (٨) هەزار کتێبمان هەیە، ئەمە بێجگە لە هەندێک زمانی دیکەی وەک زمانەکانی (هۆڵەندی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، سوێدی و نەرویجی) بۆ ئەو منداڵانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و سوودی لێ وەر دەگرن“. لە بارەی کەموکوڕییەکانیشەوە، لێپرسراوی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی گوتی: ”لەگەڵا گەورەبوونی شاری سلێمانیدا، کەچی وەک تێبینی دەکرێت تەنیا یەک هۆڵی کتێبخوێندنەوەی منداڵانی تێدایە، کە دەبووایە لە زۆربەی گەڕەکەکاندا کتێبخانەی تایبەتیی منداڵان هەبووایە بۆ ئەوەی منداڵا بتوانێت کتێبی دەست بکەوێت“. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، (م. گوڵستان) گوتی: ”لێرەوە داوا دەکەم کە کتێبخانەیەکی سەربەخۆ بۆ منداڵانی هەبێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا تەنیا بەشێکە لە کتێبخانەیەکی جیهانی گەورەکان“.

خولی بەهێزکردنی دەروونی بۆ منداڵان دەکرێتەوە

بەدەر لە ئاشناکردنی منداڵا بە دنیای خوێندنەوە لە بەشی منداڵانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، خولی بەهێزکردنی دەروونی بۆ منداڵان دەکرێتەوە و لەم بارەیەوە مامۆستا (بەڕێز عوسمان حوسێن)، مامۆستای بەشەکە ئەوەی خستە ڕوو کە ئامانج لەو بەشە ئەوەیە کە منداڵان لە ترس و شەرم بپارێزرێت و فێری ئەوەیان بکات کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت. هەروەها ئاماژەی بەوەیش دا کە بەدەر لەوانەیش، دەیانەوێت گیانی هاوکاری و یارمەتیدانی کەمئەندامان و منداڵی لە خۆیان بچووکتر و هەستی بەرپرسیارێتی بەرانبەر دەوروبەرەکەیان تێدا بچێنن و بە زیندوویی ڕای بگرن.

ئارام کۆشکی

گۆشەی نارین

نارین
Narin.goshe@Gmail.com

پیاو

سەرم بە هەر خواردنگەیەکدا کرد، پڕ بوو لە پیاو. خەریک بوو لە برسان بمرم، بەڵام خۆ نەیشمدەوێرا بڕۆم لە یەکێک لەو شوێنانە نانێک بخۆم. نیوەڕۆیەکی گەرم و قاچە هەڵتۆقیوەکانم و زمانیشم وشک ببوو. دەستیشم پڕ بوو و تەنانەت نەمدەتوانی ئاوێک بکڕم و زمانم تەڕ بکەم. نازانم لە لای کێ دەمبۆڵاند، ئەوەندە دەزانم بە دەم خۆمەوە بۆڵەبۆڵم بوو.

سۆندە بکڕە، جل بکڕە، خواردن بکڕە، منداڵ بەخێو بکە، کەچی نایشوێری سەر بکەیت بە خواردنگەیەکدا و برسییەتیت بشکێنی. جارێکیان لەگەڵ برادەرێکم ڕۆیشتین کەبابمان خوارد، هەتاکوو تەواو بووین، بە چاو تیربارانیان کردین.

کە هاوین دێت، زۆرتر گوێم لە هاتوهاواری ژنانێک دەبێت کە بە دەست مێردەکانیانەوە دەناڵێنن. ئەوان بە دەست ئەو هەموو خۆشەویستییەوە دەناڵێنن کە ئاڕاستەی جەستەیان دەکرێت. هەندێکیان هەموو ڕۆژێک، هەندێکیشیان سێ ژەمە و چوار ژەمە و...

ئەمە ڕاستە و هەندێک لە پیاوانی وڵاتی ئێمە، تێر نابن لە وەی کە ئەوەندە و لە ڕاددەبەدەر، نەک بە دەم، بەڵکوو بە جەستە بە ژنەکانیان بڵێن: ”خ ...... ۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ ....شم... دەەەەەەوێێ ێێێێێ........“.

بەڵام لە وڵامدا دەبێت ژنان چی بڵێن؟

”بەسە دەی بەسە! خۆ من عەرەبانە نیییییییییییییییم!“.

ئەویش دەڵێت: ”پیرەژن! بە خوا ئەڕۆم ژنێکیتر دەهێنم“.

”دە بڕۆ بێنە. ئای ئامان ئەگەر نەهێنی، خۆ مردم!“.

ئوردن، گرفتی هاوسەرگیریی خوار (١٨) ساڵی هەیە

یەکێک لەو کێشانەی کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە وڵاتی (ئوردن) سەری هەڵداوە، پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی خوار تەمەنی (١٨) ساڵییە و کێشەکە گەییشتووەتە ئەو ڕاددەیەی کە چەندان توێژینەوەی جۆراجۆری لەسەر بکرێت، لەوانەی دەستگەی (خەفاف)، کە سەنتەرێکە و گرنگی بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی جۆراجۆر دەدات.

ئەم سەنتەرە لە یەکێک لە توێژینەوەکانیدا دیاردەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی خوار (١٨) ساڵی شی کردووەتەوە و نووسیویەتی: ”ئەم دیاردەیە گرفتێکی کۆمەڵایەتی بۆ وڵاتی ئوردن دروست کردووە“.

هەروەها توێژینەوەکە دەریخستووە کە نزیکەی (٩٥ ,١٢٪) منداڵانی ئوردن، لە خوار (١٨) ساڵییەوە ژیانی هاوسەرییان پێک هێناوە. بە گوتەی فەرمانگەی (قەزا)، لە کۆی (٦٥٠٢٧) حاڵەتی پیکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیرییە، (٨٤٢٦) حاڵەت لە خوار (١٨) ساڵیدا بووە.

(موفید سەرحان) بەڕێوەبەری دەستگەی (خەفاف)، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، بە (هاوسەرگیریی بەرژەوەندی) ناو دەبات، لەبەر ئەوەی هەندێک لە دادوەرەکان بۆ بەرژەوەندیی منداڵەکان بڕیار دەدەن و بیانووکەیش ئەوەیە کە هەندێک لەو منداڵانە، بێ دایک و باوکن و کەس نییە سەرپەرشتییان بکات، بۆیە پرۆسەی هاوسەرگیری تا ڕاددەیەک لە گرفتەکانی ڕۆژانە دووریان دەخاتە.

لە یاسای ڕەگەزنامەی (میرنشینی ئوردن)دا هاتووە کە باشترین قوناغ بۆ پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری، تەمەنی (١٨) ساڵییە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو تەمەنەدا دەتوانێت پلانێک بۆ داهاتووی خۆی دابنێت.

(ئەنعام ئەلعشا) سەرۆکی پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ ژنان، دەڵێت: ”پرۆسەی هاوسەرگیریی لە تەمەنی منداڵیدا، لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی هەندێک لە ماڵباتەکانەوە پەیدا دەبێت کە ئەمەیش کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر تەندروستیی کچان دەبێت، لەبەر ئەوەی لە لێکۆڵینەوەیەکی پزیشیکدا، دەر کەوتوو ئەو کچانەی کە زوو شوو دەکەن، زیاتر ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە (ئەلعشا) ڕوونیشی کردەوە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، زووشووکردن، زیانی هەیە، چونکە ئەو کچانەی لە خوار (١٨) ساڵییەوە شوو دەکەن، ناتوانن بە شێوەیەکی پوخت منداڵەکانیان پەروەردە بکەن . جگە لەمانەیش، دابڕاندنی ئەو کەسانەیە لە قۆناغەکانی خوێندن، بۆیە هەر ئەو هۆکارانەن، کە وا دەکات حاڵەتی تەڵاقیش بەرەو زیادبوون بچێت.

ئا: ئاریان دەرگەڵەیی